# "وەك ئاژەڵێکی زامدار خۆم دەگەیە نمە ژوورەکەم"



**زمناکۆ بورهان قانع**

zimnaco@hotmail.com

**مرۆڤەکە هەمیشە باسی خۆکوشتن دەکات کەچی تا ئێستا هەناسە ئەدات، سەیرە!! تاكو تەنهاو بێ پشتو پەنایە، لەزەمەنێکی نادیاردا دەژی، گومناوێکەو لەبەردەم ژیاندا پەکی کەوتووە، کابووسو وەیشوومەیەك هەمیشە بینەقاقای گرتووەوپڕی کردووە لە گومانو ئاشووب، تۆسەیری ئەم دڵەڕاوکێ یە بکە!! باشە کەژیان هێندە ناشرین بێت ئیتر بۆ خەون بە خۆشگوزەرانی یەوە ببینین؟؟**

**ئەو ( بە واتایەکی تر ژیان ) هەڕەشەیەکی بێ پایان لە مرۆڤەکە دەکاتو تووشی دڵەڕاوکێ یەکی سەختی دەکات، دەبینین ئەو مرۆڤە کەلەپچە کراوە هەمیشە ڕادەکاتو تووشی تەنگە نەفەسی بووە!!..**

**من وەك خۆم هەموو بەیانی یەك ئەو بۆقەم خواردووە کە ( گۆستاف فلۆبێر ) پێمان دەڵێت بیخۆن، کەلو پەلو شتومەکی ماڵەکەشم وەك کەلو پەلو شتومەکی ماڵەکەی ( ڕۆدریك یووشەر) بێزاریو پەژموردەیی خۆمیان وەرگرتووە، هەمیشە لە پەلەقاژەیەکی بێ مانادام، هیچ نەبێت بۆ جارێکیش لەماڵەکەی (فرێنتز کافکا )دا نانم خواردووە چونکە ماڵەکەی منیش**

وەك ئەو ئیشتیهای خواردنی تێدا نەمابوو، ئینجا وەرە تەماشای ئەو قەفەزە بێ مانایە بکە کەچۆن دوای باڵندەکە کەوتو خستیە ناو خۆیەوە، باڵندەکە نائومێد بوو لە فڕین، لە ماوەیەکی کەمدا سەرکوت کرا، باڵندەکە درکی بەوە کردبوو کە ئەو ژیانە پووچەی تێیدایەتی چی دی ناتوانێت بە پەلەقاژەکردن خۆی دەرباز بکات لێ ی، ئیدی هیچ شتێك دڵی ئەو باڵندەیە خۆش ناکات کە هێمایە بۆ هەموو مرۆڤێك.

من وەك زمناکۆ دوای ئەوەی کەبێهۆش بوونو بەدەستی تەواوی ژیانمی داگیرکرد هەوڵم دا وەك (ئێگار ئالان پۆ) لەسەر کورسی یەك دابنیشم کحول بنۆشمو لە بیستوسێ ساڵی یەوە هیچ کەسێك نەناسمەوە بەڵام ئەوا ئێستا تەمەنم بیستوحەوت ساڵەو بەداخەوە هەندێك لە هاوڕێکانم دەناسمەوە، هەمیشە وێنەیەکی پووچ بەژیان دەبەخشم، ژیانێك کە خۆشم نازانم بۆچی هاتوومو چی دەکەم؟؟!! من تازە گیرۆدە بووم لەبەردەم ژیانداو ڕێگای هەڵاتنم لێگیراوە هەمیشە لە دڵەڕاوکێو ترسدا دەژیمو هەڕەشەکەی باوکی کافکام بیردەکەوێتەوە کە بە کافکا دەڵێت:- وەك ماسی یەك سکت هەڵدەدڕم.

ژیانی مرۆڤەکە لە کوندەپەپووە کوێرەکەی (سادقی هیدایەت ) دەچێت کەچی بە درۆوە دڵی خۆی خۆشکردووە، گومڕاو ئازار چەشتوو وتێکشکاوە بەڵام هەستی پێناکاتو زۆربێ شەرەفانە حەز لەژیان دەکات، ژیان قەشمەری بەو دەکات کەچی ئەو خۆشیدەوێت!! وای چ مەخلوقێکی گەمژەو دەستخەڕۆیە وای!!..

گەرلەم خورافاتە هیچوپووچەش هەڵاتینو لە شێتخانەیەکدا خۆمان دۆزی یەوە دڵنیام کەلە فەرامۆشی بوونوگوێ پێنەدانو ڕقوکینەدا دەمرین، کەواتە هەوڵەکان بۆدەربازبوون هەمووی بێمانان، هیچمان ناوێت تەنها ئەوەندەی کەلەم کۆمیدیایەدا قبوڵ بکرێین کەناوی ژیانە، هەروەکو لەکۆنسێرتی خۆکوشتندا دەڵێم:- جەستەمان لە قاڵب دراوەو نازانین بۆ کوێ دەڕۆین؟؟ تەنهاو بێزارو ووردوخاشین خۆمان بەکارێکی پووچەوەخەریك کردووە کە ئەویش ناوی ژیانە، زیندەگی فیڵێکی گەورەیە لە مردنو پێکەنینێکی ساختەیە بەرامبەر بە هەستێکی یەقین.

تۆ بزانەکافکا چۆن سەرپێچی دەکات:- من شێت ئاسا لە هەموو لایەکەوە پردەکان وێران دەکەم هەمووان دەکەم بەدوژمنی خۆمو قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم!!

ئەی بزانە ( کیرکەگۆر ) چی دەڵێت:- لەسەرەتای لە دایك بوونمانەوە ئێمە بە کۆمەڵێك فەرمانی سەرمۆرەوە بۆ سەفەری ژیان نێردراین، یەکەمین شتێك کەدەبێت تێبگەیت ئەوەیەکە تێناگەیت..

مرۆڤەکە پاش ئەوەی بوو بە پیاوێکی ئەقڵ دۆڕاوو پەرێشان حاڵ، ژیان وەك سەگێکی تۆپیو لێ ی دەڕوانیو دەیخزاندە کونجە تاریکەکانی خۆیەوە، بۆ ئەبەد لەو کونجە ڕەشە نایەتە دەرەوە، مرۆڤەکە بە خۆکوشتن ڕزگاری دەبێت بەڵام نازانم تا چەند ئەو بڕیارە ڕاستە کەئەو ئەیدات؟؟.

لە ( e-mail )ێکمدا بۆ گەورە ڕۆماننوسی بەڕازیلی (پاولۆ کۆیلۆ) باسم لەو بێزاری یەی خۆم کردبوو ئەویش لە وەڵامدا نووسیبوی:- (بەڕێز زمناکۆ هەمیشە دوای خەونەکانت بکەوەو بە ئیمانەوە بجەنگە بۆیان).. تائێستاش ئەو ئیمانە لای من دروست نەبووە، تراژیدیاکە لێرەوە دەست پێدەکات، لەگەڵ مندا تەماشاکەن!!..

ئێوارەیەکی غەمباری / دوو هەزار و پێنج

تێبینی :/ ناونیشانی بابەتەکە ووتەیەکی ژنە ڕۆمانووسی ئینگلیزی ( ڤێرجینیا وۆڵف ) ە...